# ئاین وسیاسەتی ئەمریکی

ن/ابراهیم غرابیه
و/هێمن مەحمود-
دەربەندیخان

کاریگەری ئاین لەسەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کارێکی تازە نیە،چونکە بیرمەندی بەناوبانگی کۆمەڵناسی (ماکس ڤیبەر 1864-1921)برواى وەهایە سەرمایەداری هاوچەرخ بەرهەمهێنراوێکی پرۆتستانتیەو،دروستبونی ئەمریکاش بەتایبەتی و ئەو سیستەمە ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنبیرییەی کە هاوشانییەتی بەهۆی کاریگەری پرۆتستانتی مەسیحییەوەیە.

لە تازەترین کتێبی خۆیدا(مادڵین ئۆڵبرایت) باس لەو رۆڵە دەکات کە ئاین وئەخلاق لە دارِشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیدا دەیگێڕێ.

دەڵێت (ئەمریکییەکان بێ هیچ تەحەفوز لەسەرکردنێك خۆیان بەئیسرائیل شوبهاندووە وەك گەلێك کە هەڵبژاردەی ویستی خودایە لەدروستکردنی نەخشەیەکی خودایداو،لەماوەی سەردەمەکانی پەلکێشان وشەڕو گەشەی ئابووری وتێکشکانە سەختەکاندا ئەو بڕوایەیان بۆ دروستبووە کە خودا ڕێگا وچارەنوسی ئەمریکا دیاریدەکات،ئەم بڕوایەیەش زۆر بەربڵاوە.

لەواقیعیشدا وەك(ئۆڵبرایت) دەڵێت (کە ئەمەش بنەمایەکی گشتیەیە) ئامانجی سیاسەتی دەرەکی هەر حکومەتێك بریتیەیە لەپاراستنی خۆشگوزەرانی ئابووری وئاسایشی مادی هاوڵاتیەکانی،مەیلی سیاسیەکانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەژێر گوتاری بەهای گشتی دا هیچ نیە جگە لە ڕەنگدانەوەی ئارەزووی ئەوان بۆ دەرکەوتنیان بەدیمەنێکی جوانترى لەوەی ئێستا وبەردەوامی ئەو خورافەیەی کە پێی وایە ئەمریکا ناوازەیە.

بەڵام بەبڕوای ئۆڵبرایت ئەمریکا بۆیە لە (بۆسنە وهەرسك،کۆسۆڤۆدا) پشتی موسوڵمانەکانی گرت ودژی سربەکان وەستایەوە(هەرچەندە کۆسۆڤۆ هیچ بیرە نەوتێکیشی لێ نیە) خەمی پاراستنی ئەوانی دیکە ومافەکانی مرۆڤی بوو،هەروەها مافەکانی مرۆڤیشی خستە پێش مافی دەوڵەتەکانەوە.

ململانێ(عەرەبی-ئیسرائیل)یش لەفەلەستیندا دەرهاوێشتەیەکی درێژی رەهەندە ئاینی یەکانە کە بەدرێژایی سەدەکان ململانێکەی روپۆشکردووە،چونکە (قودس) ئەو شارەی کە لەلای موسڵمانەکان ومەسیحییەکان وجولەکەکانیش پیرۆزە،بووە بە رەمزێکی ئاینی بۆ ململانێیەکی پڕگرفت ودرێژ کە بێ بەش نیە لەبەرژەوەندی ئابووری وسیاسی وهۆکاری جوگرافی وستراتیژی.

(ئۆڵبرایت)لێرەدا ئەو وتەیەی مەلیك(عبدالعزیزی کوڕی سعود) دەهێنێتەوە کە دەڵێت(عەرەب وموسڵمانەکان باجی سەرکوتکردنی جولەکەکان دەدەن لەلایەن مەسیحیە ئەوروپییەکانەوە بەتایبەتیش ئەڵمانەکان).

وەك چۆن (بەبڕوای ئۆڵبرایت) هەریەك لەسەلاحەدینی ئەیوبی ومەلیك(ریچارد) توانیان کۆتایی بەشەڕی سەلیبیەت بهێنن وئاشتی بەرقەرابکەن،ئەمڕۆش فرسەتی راستەقینە هەیە بۆ ئاشتی،چونکە ئەگەری لەناوچونی ئاشتی حاڵەتی نائارامی دروستدەکات کە دەبێت بەرلەرووداني بگیرێت،لەبەرئەوەی ئەگەر بێت ورووبدات ئەوا گەلانی ناوچەکە هەمیشە لەترسا دە ژین و ئەم نائارامیەی کە هەیە لەنێوان موسڵمان وجولەکە ومەسیحییەکاندا دەبێتە روبەڕوبونەوە وپەل بۆ دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکێشێت وجیهان دەخاتە مەترسیەوە.

لەو روداوانەی کە شایانی سەرنج دانن وئۆڵبرایت دەیانگێڕێتەوە ئەوەیە جارێکیان (بیل کلینتۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا ماوەیەکی زۆر گۆشەگیر دەبێت و دەستدەکات بەخوێندنەوەی (تەورات وقورئان) بەئامانجی گەشتن بەرێگا چارەیەکی گونجاوی سیاسی کە پشتگیرییەکی ئاینی(یەهودی وموسڵمان) وەدەستبێنێت،یان لانی کەم دژی بیروباوەڕە ئاینییەکان

نەبێت،هەربۆیە پێشنیاری بیرۆکەی (ئەوەی عەرەبیە لەشارەکەدا (قودس) بابۆ فەلەستینیەکان بێت،ئەوەشی یەهودییە بۆئیسرائیلییەکان).ئەمەش بەواتای ئەوە دێت فەلەستینیەکان سیادەیان بەسەر گەڕەکە عەرەبییەکان ومزگەوتەکەدا هەبێت.

لە کۆتایدا ئۆلبرایت چارەسەری ئەم کێشەیە لەبەدیهێنانی دیموکراتیدا دەبینێت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،بەڵام ئەوەش دەزانێت کە دیموکراتیەت دیارییەکی ئەمریکی نیە،وە ئەگەر دیموکراتیەتی عەرەبی بەدیهات ئەوا یەکەمین جار تموحە عەرەبییەکان بەدیدێنێت،لەشەورۆژێکیشدا واقیعی عەرەبی بەئاراستەی ئاشتی ورێککەوتن لەگەڵ ئیسرائیل وپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناگۆڕێت وەك چۆن ئەمریکییەکان وا ئاواتی بۆ دەخوازن و ئەگەری ئەوەیان بۆ داناوە.

بەڵام دیموکراتیەت هەنگاوی یەکەم وراستەقینەیە بۆ دروستبونی دیالۆگ ومشتەمڕە سیاسیەکان ودرککردن بەواقیع و بەرژەوەندی وپێویستیەکان وهەڵهێنجانی ئەو نەخشە وبیرۆکە واقیعیانەی کە دەبێت ئەنجامبدرێن.

ئەگەر سیاسەتی دەرەکی ئەمریکی دەرهەق بە ئیسرائیل وئاشتی راست وواقیعیانە بێت ئەوا دیموکراتیەتی عەرەبی بەتێپەڕبونی رۆژگار دەبێتە قەناعەتێکی عەرەبی کە دەگونجێت یاخود نزیك دەبێت لە روئیا و بەرژەوەندی ئەمریکاوە.

(ئۆلبرایت) بەوە کۆتایی بەکتێبەکەی دەهێنێت کە نابێت وابزانین سەرکردە عەرەبییەکان لەشەورۆژێکدا بەدیموکراتیەت رازی دەبن یاخود ناچار دەبن،بەڵام ئەمە کاتێك بەدیدێت کە سەرکردە عەرەبەکان لەوە تێدەگەن کە گەورەترین هێز لەجیهاندا ئارەزووی مرۆڤە بۆ ئازادی.

---

سەرچاوە/

سایتی رۆژنامەی (الغد)ی ئوردونی